**ڕاگەیانێك لەسەنتەری مناڵانەوە.....**

## كێشەی ئەو 3 مناڵەو خێزانەكەیان كە لە گۆڕستان دەژیان بەچارەسەر گەیشت..!!



ئەو خانووەی بۆیان بەكرێ گیراوە



خانووەكەی ناو گۆڕستان





Kurdistan Region

Council of Ministers

Presidency of Diwan

هەرێمی كوردستان

فەرمانی دامەزراندنی ڕێبوار

لە دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی " خێزانێك لە گۆڕستان دەژین لە هەولێر" لە لایەن هەفتە نامەی هاوڵاتیەوە، ئێمە لە سەنتەری بەرگری لە مافەكانی مناڵان سەبارەت بەم كێشەیە سەرباری بڵاو كردنەوەی بەیان و ڕوونكردنەوەیەك لە ژێر ناوونیشانی " *3 مناڵ لەگەڵ خێزانێكدا لە گۆڕستانێدا ژیان دەكەن*" لە بەشێكی زۆر لە سایتەكانی وەك " PUK میدیا ، كوردستان نێت ، ماڵپەری سەنتەر ، بۆپێشەوە ودەنگەكان" ە وە بە دواداچونێكمان ئاراستەی نوسینگەی بەڕێز" نێچیرڤان بەرزانی" كرد ، ڕۆژی 8 ی ئۆگەستی لە لایەن بەڕێز كاك " شوكری بەرواری" یەوە لە ماڵپەڕی ڕەسمی حكومەتی هەرێمی كوردستانەوە" web.krg.org" مەیلێكمان بۆ هات و داوای دووبارە ناردنەوەی دەقی ڕوونكردنەوەكەی ئێمەی كردبوو، پاش ناردنی بۆی بەڕێزی لە ژێر ئەم ناوونیشانەدا (("*بمەبەستا بەلاڤكرنا ڕەخنان لدام و دەزگەهێن حكوومەتا هەرێما كوردستانێ و، دچارچوڤێ ئازادیا دەربڕینا ڕاوبۆچونێن كەسانەتی ئەم ڤی بابەتێ بەلاڤ دكەین هیڤیدارین ژ جهێن بەرپرسیار ڤەكۆلین لسەر ڕاستیا ڤان گازندان بهێتە كرن*")).. و لە گۆشەی" ڕیپۆرت و ڕاوبۆچوون" دا لە ڕۆژی 8 ی ئۆگەستیدا دەقی بابەتەكەی سەنتەری مناڵانیان بڵاو كردەوە و لینكی بڵاو كردنەوەی بابەتەكەشمان لە لایەن كاك شوكری یەوە بۆ هاتەوە، بەم شێوەیە" http://web.krg.org/articles/article_detail.asp?ArticleNr=5158&LangNr=13&LNNr=36&RNNr=71" لە دوای ئەوەی كە بۆ ماوەی 2 ڕۆژ هیچ وەڵامێكمان پێ نەگەیشتەوە سەبارەت بەچارەسەر كردنی ئەوە كێشەیە، بۆیە دووبارە سكاڵایەكمان ئاراستەی نوسینگەی بەڕێز "نێچیرڤان بەرزانی" كردو وێنەیەكیشمان بۆ ڕۆژنامەی خەبات نارد. ئەوەبوو ڕۆژی 11 ی ئۆگەستی لە لایەن بەڕێز كاك "شوكری بەرواری"یەوە مەیلێكمان بۆ هات بە ئەم لینكە http://www.xebat.net/Arc/Xebat/11-8-2005/x5.pdf كە ئەوەیش ، بڵاو كردنەوەی چارەسەری كێشەی ئەوە خێزانەو دامەزراندنی "ڕێبوار مزەفەر حەسەن" كوڕی 16 ساڵی ئەو خێزانەیە.

ئێمە بە ناوی سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآنەوە پیرۆزبایی لە و منالّە خۆشەویستانەو خێزانەکەیان دەکەین بەبۆنەی چارەسەر کێشەکەیانەوە ، لە هەمان کاتدا سوپاس و پێزانینمانی خۆمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی هەولێر دەکەین بۆ بەدەنگەوە هاتنی داواکەی سەنتەری منالاّن و چارەسەری کێشەی ئەو 3 منالّە و خێزانەکەیان.

شایانی ئاماژە بۆ کردن و بیر هێنانەوەیە کە لە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەی ڕابردوودا سەنتەری منالان چەندین کێشەی جۆراوجۆری تری خستە بەردەست حکومەتی هەرێمی کوردستان– هەردوو ئیدارەی سلێمانی و هەولێر، کە یەکێك لەوانە کێشەی توندو تیژی و لێدان لە خوێندکاران و خۆسوتاندنیان بوو کە لە ژمارە ڕۆی 27 / 7 / 2005 ی کوردستانی نوێدا دەقی داواکەمانیان خستبووە پێش چاوی وەزرەتی پەروەردەی هەدوو ئیدارەکە و چاوەڕوانی جێبەجێ کردن و دەرکردنی بریاری قەدەغە کردنی لێدان لە منالآنین بە شێوەیەکی عەمەلی نەك هەر لەسەر کاغەز، هەروەها کێشەی بڕینی مووچەی دوو منالّی نابینا بە ناوەکانی" شێروان و ڕێژان" لە کەرکوك ، کە لە کوردستانی نوێی ژمارەی ڕۆژی 2005/8/3 دا دەقی کێشەکەو وەلآمەکەی لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان – ئیدارەی سلێمانی یەوە بلآو کرایەوە، ئێمەش پەیوەندیمان بەکەس و کاری هەردوو منالّەکەوە کردوو ئەوانیش چوون بۆ وەرگرتنەوەی مووچەی منالّەکانیان . سەنتەری منالآنیش سوپاسنامەیەکەی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان–ئیدارەی سلێمانی کرد بۆ بەتەنگەوە هاتنی ئەو کێشەیەو چارەسەر کرنی.

بژی خەبات لەپێناوی بەدەستهێنانی مافەکانی منالآن

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالآن

شێرزاد فاتح

www.santarimnalan.com/index.kurdish.htm